HITi
Construction Revolution

# POOLFLEX

# 1062

## پەڕەی زانیاری تەکنیکی
## (Technical Data Sheet)

لکێنەری نەرمی بنچینەی چیمەنتۆیی خاوەن کارایی بەرز
بۆ مەلەوانگە و ناوچە تەڕەکان




**Contact:**
Phone : +9647500700015
info@hiti-krd.com
www.hiti-krd.com

## پێناسەی بەرهەم

**HITI POOLFLEX 1062** لکێنەری کاشییەکی چیمەنتۆیی پلەبەرز، زۆر نەرم و دژە ئاوە، خاوەن ماوەی مانەوەی بە لینجیی درێژکراو و خلیسکانێکی کەمکراو، کە بۆ دابینکردنی لکاندنێکی نایاب و بەشداریکردن لە دژە ئاوی داڕێژراوە. گونجاوە بۆ لکاندنی کاشی سیرامیک، پۆرسلین، بەردی سروشتی و مۆزایک — تەنانەت لەژێر بارودۆخە ئاڵۆزەکاندا وەک نوقمبوون لە ئاو و فشاری گەرمایی.

## ناوچەکانی بەکارهێنان

- زەوی و دیواری ناوەوە و دەرەوە بۆ هەموو قەبارە و جۆرەکانی سیرامیک، پۆرسلین، بەردی سروشتی، مەڕمەڕ و گرانیت.
- مەلەوانگە، حەوزی ئاو، حەمامی کوردی، شەلال و ژینگەکانی تری بەردەوام تەڕ.
- لکاندنی مۆزایکی شووشە و کاشی دیکۆراتیف لە بارودۆخی ژێرئاودا.
- داڕشتن بەسەر ڕووە کاشی، مەڕمەڕ یان گرانیتە هەنووکەییەکان.
- ناوچەکانی بەر گۆڕانی لەناکاوی پلەی گەرمی (بۆ نموونە، کۆگای سارد، زەوی گەرمکراو).
- ناوچەکانی هاتووچووی زۆر وەک ناوەندە بازرگانییەکان، نەخۆشخانە، فڕۆکەخانە و قوتابخانەکان.






## تایبەتمەندییە سەرەکییەکان و سوودەکان

- لکاندنی نایاب بەسەر ڕووی جۆراوجۆر.
- شێوەگۆڕاوی بەرز – بەرگری لە درزگرتن دەکات بەهۆی جووڵە یان گۆڕانی پلەی گەرمی.
- دژە ئاو و گونجاو بۆ بەکارهێنانی ژێرئاو.
- ماوەی مانەوەی بە لینجیی درێژکراو بۆ داڕشتنی ئاسانتری ناوچە فراوانەکان.
- بێ خلیسکان – نایابە بۆ بەکارهێنانی ستوونی و کاشی قەبارە گەورەکان.
- پێکهاتەیەکی هەموار و کرێمی بۆ بەکارهێنانی ئاسان بە مارنج.

## بەکارهێنان

- لکێنەرەکە بڵاو بکەرەوە بە مارنجی دداندارێک کە گونجاو بێت لەگەڵ قەبارەی کاشییەکە.
- سەرەتا چینێکی تەنک بە لای هەمواری مارنج بکە، پاشان بە لای دداندارەکەی شە لێ بدە.
- بۆ کاشی گەورەتر لە40*40سم، بۆ داڕشتن بەسەر کاشی هەنووکەییەکان، یان لە بارودۆخە توندەکاندا، پشتی کاشییەکانیش بە لکێنەر داپۆشە (شێوازی دووجار بڵاوکردنەوە).
- کاشییەکان لە ماوەی مانەوەی بە لینجیدا بە پەستانی توند دابنێ.
- لە کارکردن لەژێر تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر، بای بەهێز یان پلەی گەرمی توند خۆت بپارێزە.

## ئامادەکردنی ڕوو

- ڕووەکان دەبێت پاک، تەندروست و وشک بن، بێ ڕۆن، گریس، تۆز یان کەرەستەی زیاد.
- ڕووە بنچینەی چیمەنتۆییەکان دەبێت بەتەواوی کیورینگ کرابن. هەر لەبخی لاواز، زیادەی لاوازی چیمەنتۆیی (laitance) یان گڵۆوییەک لاببە.
- ڕووە زۆر هەڵمژراوەکان پێش بەکارهێنان بەسووکی تەڕ بکە.
- ناوچە ناهەمووارەکان بە خەفتەی چاککردنەوەی گونجاو (بۆ نموونە، زنجیرەی HITI REPAIR) ڕاست بکەرەوە پێش کاشیداڕشتن.
- بەپێی هەڵمژینی ڕووەکە، پێویستی بە ئەساس هەیە ئەساسی بکە.
- بۆ پشتی کاشییە تۆزاوییەکان، پێش چەسپاندن بە پارچەیەکی تەڕ بیسڕەوە.

## ڕێنماییەکانی تێکەڵکردن

- بڕە ئاوی پاکی پێویست بکە ناو دەفری تێکەڵکردنەوە (سەیری خشتەی زانیاری تەکنیکی بکە).
- بەرە بەرە پۆدری **HITI POOLFLEX 1062** زیاد بکە لەگەڵ تێکهەڵدان بە میکسەری خێرایی نزم تا پێکهاتەیەکی هەموار و بێ گرێ پێکدێت (بەلایەنی کەمەوە 3 خولەک).
- لێگەڕێ تێکەڵەکە 5 خولەک بپشووێت، پاشان پێش بەکارهێنان بە کورتی دووبارە تێکەڵی بکەرەوە.
- ئاوی زیادە یان زیادکراوی نامۆڵەت زیاد مەکە.



## دوای دارِشتن

- ناوچە تازە کاشیکراوەکان بەلایەنی کەمەوە بۆ ٢٤ کاتژمێر لە ئاو، بەستن و تیشکی بەهێزی خۆر بپارێزە.
- شەربەتکردن:
- دیوارەکان: دوای ١٦ کاتژمێر.
- زەوییەکان: دوای ٢٤ کاتژمێر.
- بەلایەنی کەمەوە ٢٤ کاتژمێر لێگەڕێ پێش هاتووچووی بە پێی کەم؛ لە بارودۆخی سارد یان تەڕدا درێژتر.
- لە کەش و هەوای بارانیدا بەکاری مەهێنە؛ ڕووەکە بۆ ٢٤ کاتژمێری یەکەم بپارێزە.

## تەندروستی و سەلامەتی

- چیمەنتۆی تێدایە، کە کاتێک لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەبێت بازییە و لەوانەیە ئازاری پێست، چاو و سیستەمی هەناسەدان بدات.
- لە کاتی بەکارهێناندا دەستکێشی پاراستن، چاوگرتنە و ماسک بەکاربهێنە.

## هەڵگرتن و ماوەی بەسەرچوون

- لە پاکێتی ئەسڵیی نەکراوەدا لە شوێنێکی وشک، فێنک و باهەواری باش لە نێوان +5°س و +35°س هەڵیبگرە.
- لە شێ، بەستن و تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر بیپارێزە.
- زۆرترین کۆکردنەوە: 10 کیسە لەسەر یەک.
- ماوەی بەسەرچوون: 12 مانگ لەژێر مەرجە پێشنیارکراوەکانی هەڵگرتن.

## پاکێتکردن

- کیسەی کاغەزی چەند چینی 25 کگم.

## ستانداردەکان و بڕوانامە

**لەگەڵ EN 12004:2007 +A1:2012 دەگونجێت**

**پۆلێنبەندی: C2TE S2**

- C2: لکێنەری چیمەنتۆیی باشترکراو.
- T: خلیسکانێکی کەمکراو.
- E: ماوەی مانەوەی بە لینجیی درێژکراو.
- S2: زۆر شێوەگۆڕاو.

| الخاصية | التفاصيل |
|---|---|
| دەرکەوتن | پۆدری خۆڵەمێشی یان سپی |
| ڕێژەی تێکەڵکردن | 5.75–6.25 لیتر ئاو / 25 کگم (خۆڵەمێشی)<br>6.25–6.75 لیتر ئاو / 25 کگم (سپی) |
| ماوەی کارپێکردن | ~6 کاتژمێر |
| ماوەی مانەوە بە لینجی | ≤30 خولەک |
| بەکارهێنان | 3–5 کگم/م$^2$ |
| کاتی شەربەتکردن | دیوار: 16 کاتژمێر<br>زەوی: 24 کاتژمێر |
| خلیسکان | ≥0.5 مم |
| توانای چەسپاندن | سەرەتایی (28 ڕۆژ): ≤1 نیوتن/مم$^2$<br>دوای گەرما: ≤1 نیوتن/مم$^2$<br>دوای نوقمبوون: ≤1 نیوتن/مم$^2$<br>دوای بەستن و توانەوە: ≤1 نیوتن/مم$^2$ |
| شێوەگۆڕاوی | ≤5 مم (S2 – زۆر شێوەگۆڕاو) |